# له یادی ٣٧ ساڵەی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی یەکدا



له شەوی سێشەممە کاتژمێری ٢:٢٥ بەرەبەیانی رێکەوتی ٢٣-٢-١٩٨٨ ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی یەك دەستی پێکرد, تاکو شەممە رێکەوتی ١٩-٣-١٩٨٨ بەردەوام بوو, ٢٦ رۆژی خایاند.
ئۆپەراسیۆنەکە بە سەرکردایەتی لیوا روکن سۆلتان هاشم فەرماندەی رەدیفی لەشکری یەك, لیوا روکن کەماڵ ساجد فەرماندەی لەشکری یەك, لیوا روکن نیعمه فارس حوسین محیاوی فەرماندەی لەشکری پێنج، وە بەسەرپەرشتی راستەوخۆی فەریقی یەکەمی روکن عەدنان خەیروڵلا وەزیری بەرگری عێراق، عەلی حەسەن مەجید بەرپرسی بیرۆی باکوری حیزبی بەعس، سەرۆکی ئەرکانی سوپا فەریقی روکن نزارعەبدولکریم خەزرجی ئەنجامدرا.
٢٠ لیوای سوپای عێراق و ٣٠ فەوجی سەر بە گاردی کۆماری و ١١٠ فەوجی جاش و ژمارەیەك مەفرەزەی تایبەتی جاش بەشدارییان تێدا کرد, کۆی هێزەکە مەزەندە دەکران بە زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس, واتا هەر دە مەتر چوارگۆشەی ناوچەی ئۆپەراسیۆنەکە سەربازێکی بەردەکەوت.
له نۆ قۆڵەوە هێرشکرایە سەر گوندەکانی دۆڵی جافایەتی تا مەرگە بە درێژایی ٧٠ کیلۆمەتر(دوکان، بنگرد، چوارتا، قەڵاچوالان، ماوەت, کارێزە, سەرچنار و سورداش).
بەرەبەیانی رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٣-٢-١٩٨٨ , هێزە پەلاماردەرەکەی سوپای عێراقی بە چەکی کیمیاوی لە گوندەکانی چۆخماخ, یاخسەمەر, هەڵەدن, چاڵاو, سەرگەڵو و بەرگەڵویان دا, رۆژانی ٢٥ و ٢٦ی شوبات گوندەکانی سەرگەڵو, هەڵەدن, یاخسەمەر و گوێزەڵە کیمیاباران کرانەوە. لە کیمیابارانەکەی ٢٦ مانگ ٨ شەهید و ٢٠١ بریندار هەبوون, دوای کۆتایی قۆناغی ئەنفالی یەك بە چوار رۆژ لە رێکەوتی ٢٣-٣-١٩٨٨ جارێکی دیکە بە چەکی کیمیاوی لە گوندی شاناخسێی ناوچەی ماوەتی دا,

۲۲ کەس شەهید بوون  و زیاتر لە ۷۲۰ هاولاتی سڤیل و پێشمەرگە بریندار بوون, هەمان گوند هەردوو ڕۆژانی پێشتریش کیمیاباران کرابوون, لە پرۆسەی ئەنفالی ۱ بە گشتی ۷ جار دەڤەرەکە کیمیاباران کرا.
نزیکەی ۱۵۰ گوند لەم قۆناغەدا بەر شاڵاوەکە کەوتن و یەك تاقە دیواریان بە پێوە نەما، هەموو خانوو و مزگەوت و قوتابخانەو نەخۆشخانەکانی ڕۆخێنران و بەشێك لە خەڵکەکەشی ئەنفالکران.
لە ئەنفالی یەکدا دەیان کەس  دوای بەجێهێشتنی ماڵەکانیان لە ڕێگا لە ناو بەفر رەقبونەوە, زیاتر لە ۱٦۰ هاووڵاتی سڤیلی تریش لەو شەڕو گەمارۆیەدا کوژران و نزیك ۵۰۰ کەسیش ئەنفالکران.
ئەنفالی یەك بە بەیانی فەرمی ژمارە ۳۰۸۷ی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکان لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ۱۹-۳-۱۹۸۸ کۆتایی هات, تیایدا وێڕای ڕۆڵی سوپا, ستایشی  ڕۆڵی جاشە کوردەکانیش کراوە  لە بەشداریکردنی کاریگەریان لە ئۆپەراسیۆنەکە.

-ڕێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید-  kwg
-تۆڕی ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە پێناو دادگای تاوانی نێودەوڵەتی – Koncicc
-تۆڕی ئایکان کوردستان ـ IKN
-ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کۆکوژ لە کوردستان ـ OAWMD
-ڕێکخراوی هەڵمەتی دادپەروەری ـ OJC
-ڕێکخراوی جیهانی بێ چەکی کیمیاوی و بایەلۆجی-www
-هەڵمەتی ژیان دژ بە ئیعدام لە کوردستان
-گۆڤاری تۆبزاوە
-ڕۆژنامەی نگرە سەلمان
- ڕێکخراوی مانەوە  بۆ پرسی شەهیدان و ئەنفالکراوان



